بانکی ناوەندی هۆشداریدا لە خراپ بەکارهێنانی کارتی پارەدانی ئەلیکترۆنی لە دەرەوەی وڵات

ئەمە دووشەممە، بانکی ناوەندی عێراق هۆشداریدا لە خراپ بەکارهێنانی کارتی پارەدانی ئەلیکترۆنی لە دەرەوەی عێراق.

راگەیاندنی بانکەکە لە ڕاگەیەندراوەکدا، بڵاویکردەوە"هۆشداری دەدەینە هەندێک لە خراپ بەکارهێنانی ئەو کارتە ئەلیکترۆنیانەی پارەدان کە بە دابینکردنی پێداویستییە سروشتییەکانی هاووڵاتیان دابین کراون.

هەروەها بانکەکە جەختی لەسەر پابەندبوونی خۆی بە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی توند بە کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە و پاراستنی سیستەمی دارایی و دوورخستنەوەی مەترسیەکانی کردووەتەوە، ئاماژەی بەوەشکردووە" ناوی ئەو خاوەن کارتی بانکییانە دیار دەکرێن کە خراپ بەکارهێنان یان قاچاخچێتییان پێی دەکەن ودەخرێنە ناو لیستی ڕەشەوە و ڕێوشوێنی یاسایی لە دژی ئەنجام دەدەرێن.